# هەرچی حەزدەکەی  بپرسە..



هێمن عەبدوڵلا/ هۆڵەند
www.hemnabdulla.blogspot.com

تەنیا پانزە رۆژێک دەبێت (ئانیتا) کە قژێکی ڕەش و لولی تەواو رۆژهەڵاتییانە و چاوی زیتەڵە و لوتی بەرەوسەرەوە هەڵکشاوی ڕۆژاواییانەی هەیە ، دەناسم ، ئەو وەک خۆی دەڵێت : ژنێکی تەنهای نیوە هۆڵەندی و نیوە مەغریبییە .. لەو پانزە رۆژەی یەکدیناسینماندا ، ئانیتا ئیجازەی نەداوم خۆشمی بە چاکی پێبناسێنم ، هەر ئەو قسەیکردووە و ئەزیش سەرم بۆ راوەشاندووە . زۆر جار بە پرسیاری سەیر دایگرتووم و زۆرجاریش زانیاریی زۆر بەسوودی سەبارەت بە وڵاتەکەی ، ئەوەی بە قەولی وی (من میوانم تێیدا ! ) داومەتێ ..

پانزە رۆژە یەکدیدەناسین و ئەگەر هاوئیش نەباین ، نەمدەویست چیدی گوێ لە پرسیارە زۆرەکانی بگرم ! .

* * *

نیگای شەهوەتئامێزانەییم تێدەکا و دەپرسێ : لە وڵاتی تۆ ، خەڵک زۆر دەچنە مەکتەبێ ؟ ، دەڵێم : بەڵێ .. بەڵام شتی چاک کەم فێر دەبن ! ، دەپرسێ : چونکە فێری موسوڵمانێتییان دەکەن ؟ ، یەژم : نا .. تکایە لەو باسە گەڕێ . دەمێک دادەمێنێ و دەپرسێتەوە : ئەی ئێوە بە چی ناندەخۆن ؟ ، مقاشی نانخواردنی چینی و ژاپۆنییەکانم دێنە بەرچاو و دەپرسم : مەگەر شکڵمان لە چی دەچێ؟ ، خەجاڵەتدەبێتەوە و دەڵێت : بمبورە ،من کەمدەزانم دەربارەی وڵاتەکەی تۆ .. بۆیەش پرسیاران زۆر دەکەم .

سەیرێکیدەکەم ، روخساری لە کەسێک دەچێ کە تاوانێکی کردبێت و تکای لێبوردن لە گوناهەکەی بکات .. غروری پیاوێکی رۆژهەڵاتی ، پاڵم پێوەدەنێ کە بزەیەکی دەگەڵ بکەم و بێژم : تکادەکەم.. هەرچی حەزدەکەی بپرسە !! .

* * *

ئانیتا بۆچوونی جوانی سەبارەت بە دەمارگیری پێن .. بۆمدەگێڕێتەوە کە کاتی خۆی ، لە قوتابخانە ، هەمیشە سروودێکیان پێگوتۆتەوە ، کە تێیدا باسی پیاوێکی قارەمان و رزگارکەردەکات ، دەڵێ : لەناو ئەو کتێبانەدا کە دایکم بە دیاری بۆیدەکڕیم ، شتێکم سەبارەت بەو پیاوە خوێندبۆوە و دیتبووم کە ئەو ، زۆرتر لەوەی رزگارکەری منداڵان بێت ، مرۆڤکوژێکی گەورەیە! .. بۆ یەش ئەوەم بۆ مامۆستاکەم گێڕایەوە ، بەڵام مامۆستا بە تووڕەییەوە سەرزەنشتی کردم و بە گوێیداچرپاندم کە: ئەو پیاوە نابێ رەخنەی لێبگیرێت ، چونکە هەرچییەکی کردبێتی ، بۆ هۆڵەند بووە .. ! .

* * *

ئانیتا بە توانجەوە دەڵێت : ئێمەی رۆژاوایی ، بۆ ئەوەی هەمیشە وەک گەلە پێشکەوتووەکانی گێتی بمێنینەوە ، ناچارین ئیش لەسەر پاشقەخستنی خەڵکی دیکە بکەین .. قسەکەی پێدەبڕم و دەڵێم : بەو دانپێدانانەت سەرسامم .. پێدەکەنێ و بە گاڵتەوە دەڵێت : دەزانم .. ئاخر ئیشی ئێمە ، سەرسامکردنی ئێوەیە !!.

* * *

پانزە رۆژە ئانیتا دەناسم ، بەڵام نە کاتی داومەتێ خۆمی پێبناسێنم ، نە پرسیاری دەربارەی ژیانی تایبەتیی خۆشم کردوون ، هەمیشە کە دەیبینم ، بە پرسیارێک سەبارەت بە کەشوهەوا دەستپێدەکا و بە دەستەواژەی : بمبورە ، من کەمدەزانم دەربارەی وڵاتەکەی تۆ ، بۆیەش پرسیاران زۆر دەکەم ! ، کۆتایی بە گفتوگۆکەی دێنێ .. ئەزیش هەرچەندە لەو خانمە جوان و بێئۆقرەیە زۆر وەڕەزبووم ، بەڵام غروری پیاوێکی رۆژهەڵاتی دەمجوڵێنێ و دەڵێمەوە : تکادەکەم .. هەرچی حەزدەکەی بپرسە .. ! .